# عەلمانییەت لە نێو بواری گشتی و بورای تاکدا

ئەحمەدی مەلا

ئەگەر چاوێک بەو لاپەڕانە بخشێنین کە لەمەڕ ئاینەوە بە زمانی کوردی نووسرابێتن، شتێکی ئەوتۆ شک نابەین کە خوێندنەوەیەکی زۆرجیاواز بێت لە سەرجەم ئەو نووسینە سوونەتیانەی کە هاوتەریب لە گەڵ دەسەڵاتی ئایندا رەوتیان کردووە.
بازدان بە سەر ئایندا هەر وا سانا نییە و پێویستی بە هەڵوێستەی تەواوە و بۆ ئەوەی ئەوەی هەمیشە بە نەفەسی نوێ ببووژێتەوە، ئەویش تەنها لە پێناوی ئینساندا. مەخابن! دەمێکە چاوەڕوانی ئەوە بووین لە دوو توێ، یا وردتر، لە نێو دێرە پیرۆزەکانی ئایندا شەفەقێکی نوێ هەڵبێت هەروەک لە لای ئیۆمانیستەکانی سەدەی شانزەی ئەورووپا یەکێکی وەکو ئێراسم کە خەڵکی رۆتردامە/هۆڵەندا و بە باوکی ئیمۆنایسم نێوزەد دەکرێت. هەر لە ساڵی ١٥١١ ەوە لە کتێبە بەناوبانگەکەی لە ژێر ناونیشانی "ستایشی شێتیی" تەعبیر لە مەسیحییەتی ئیپیکۆری خۆی دەکات. ( ئیپیکۆر فەیلەسووفی یۆنانی کە تەرحی حیکمەتی لەززەت دەکات.)
ئێراسم هەروەک ڤالا-ی سەدەیەک پێش ئەو، مەسیح وەکو نموونەی شیرینیی و حیکمەت و قسە و خواسەکانی بەرامبەر بە سەروەریی کلێسا رادەگرێت کە توندوتیژیی و شەڕوشۆڕ و کوێلەیی و چەوساندنەوە و خوفەرزکردن ببوونە هێما هەرە شەکاوەکانی.
دەکرێ گشتیانە ئەمەی لای خوارەوە تەرح کەین : (لە سەرتاپای مێژووی گەلاندا، مێژوو هەمیشە لە دوو بەرە، لە دوو هێز، لە دوو ناکۆکی پێکهاتووە. لە نێو خودی ئاینیشدا ئەم دوو بەرەیە ئامادەگیی خۆیانیان هەبووە. دوو جۆرە خوێندنەوەیە و دوو جۆرە مومارەسەیە و دووجۆرە شیکلن کە دەدرێتە ژیان. )
ئێراسم لە کتێبەکەیدا، بیر لە زوهدێک دەکاتەوە کە بە لەززەت کۆتایی بێت و سەرجەم ئەو موفرەدانەی کە لەوە میانەش بەکاردەهێنێ ئەمانەن : خۆشیی، ترۆپکی بەختیاریی، ژیانێکی کامەران، سەفا و ئۆقیانووسێک لە کامەرانی لە بنەهاتوو.
یەکێتی لە گەڵ خودادا ئۆخژنێکی بێسنوور بەرهەمدەهێنێ. بە جۆرە سووکە شێتییەک ئەم کامەرانییە ناو دەبات کە بە تەهارەتی رۆح و جەستە کۆتایی دێت. هەڕەشەیی کەشیش دەخاتە لاوەو و هەڕەمییەتی دەسەڵاتی لاهووتیش بە هیچ دەچوێنێ. تەنها شت کە بارستایی شک بەرێت، لاسایی کردنی مەسیح خۆیەتی، مەسیحی هەژار و خۆبەکەمزان و نیان و ئاشتیخواز و سەخی. ئێراسم دژ بە دیوەکەی دی ئاینە کە لە پیاوانی ئاین بەرجەستە دەبوو و خەسڵەتەکانی دەسپیسی و دەوڵەمەندیی و شەڕخوازیی و توندڕەیی و و چڵێسیی بوون.
پێنج سەدە بە سەر دەرزەکانی ئەم ئینسانخوازە تێدەپەڕێ و ئیمڕۆ پرۆگرامی ئێراسمووس لە نێو زانکۆکانی ئەورووپادا، تەعبیر لەو ئاڵوگۆڕە کولتوورییە دەکات لە پێناو نزیکبوونەوە لە یەک و شت فێربوون لەویتر و زمانی فێربوونی ئەوی دیکە دەناسرێتەوە. پرۆژەیەکی ئینسانییە لە ناوەرۆکدا و رۆڵێکی ئیجگار زۆریشی بەسەر سیاسەت و ئابووری و کۆمەڵایەتی جێدەهێڵێ.

لە ناوچەکەی ئێمەش پێی دەچی تەنها هەر دیوە دزێوەکەی ئاین سەرئاو بکەوێت و جڵەوی شەڕخوزایی و توندڕەویی و لاتەریکی و لە کۆتاییدا خۆکوژی لێوە بێتەبەرهەم.
پیاوی ئاین ئیمڕۆ چی پێیە کە ببێتە پرۆژەی ئەم ژیانە جەنجاڵەی ئێمە؟ ئەوەی ژیان مسوۆگەر نەکات ئاخیرەت مسۆگەر ناکات. چونکە لە دەسپێک و دوا پێناسەشدا ئاین پەیامێکە بۆ ژیان،

بۆ گوزەرانیی و کامەرانی و تەبایی نێوان ئینسانەکان دێتە گۆڕێ : پەیامێکە بە بێ گوێدانە رەنگی پێست و زمان و سنوورە جوگرافیایە دەسکردەکان باوەش بۆ تەنهایی ئینسان دەکاتەوە.

ئاین لە رۆژهەڵاتی ئێمە ئەستروٚمەنتالیزە دەکرێت، واتە لە ئامانجەکانی خۆی بەتاڵ دەکرێت و وەکو ئامراز، لە نێو حیرمانی کۆمەڵایەتی و ئابووریی و نەخوێندەواری و نەزانین دەیەوێ ئینسان وەکو نێچیرێکی سایکلۆژیی رام بکات و ئامادەی بکات بۆ دامەزراندنی سیستەمێک کە ئینسانی تیا حەپس کات.

ئەم بە ئامرازکردنە نە لە شیکل دا، نە لا ناوەرۆک دا لە پیناوی رازیکردنی خودادا بەرقەرار نابێت، بەڵکو چلێسییەکە بۆ خۆ هەڵواسین بە کۆڵەگەکانی دەسەڵاتدا. ئەم شۆڕشە نوێیەی کە ئێران سەدپێشخەری تیاکرد و ئیمرۆ وەکو چەواشەکردنی ئینسان لە زۆر جێگەی دیکە و لە شیکل و شێوەی جیاوازدا، پرۆژە ئینسانییەکان بەرەوە قورگی خەرەند راپیچدەکات.

پیاوی ئاین پێویستی بە ئیشراقێکی روحانی تیشکبەخشە بۆ ئەوەی ئاین بەرەو تەهارەتی سەرەتایی بگەڕێنێتەوە و لە پاقژبوونەوەی ئینسانەوە دەسپێبکات و هەر بە ئەویش کۆتایی بێت. ئاین ئەگەر لە خزمەتی کامەرانیی و خوشگوزەرانی ئینسان (لێرە و ئێستادا) نەبوو دەبێ پرسیار ئاراستەی ئەو جۆر خوێندنەوەیە بکەین.

لایسیتێ کە بەرابەری عەلمانییەتی لای ئێمەیە لە پێناوی ئەوە هاتە دی کە ئاین بە پاکی بمینێتەوە، لە پێناوی ئەوەی کە ئینسان ئازاد و رەهابێت بەرامبەر بە خودای خۆی، پەیوەندی دروستکردنێکی تەندروست بێت. جۆرە هەوڵێکی شێلگیرانەیە کە ئینسان خودای خۆی بدۆزێتەوە. ئاین جۆرە کەشفکردنێکی پەنهانە و ئینسان لە رێگای تەئەمولات و رامان و هەوڵی تاک دا واتا راستەقینەکانی دەدۆزێتەوە.

لێرە سنووری نێوان بواری گشتی و بواری تاکەکەس دیاریی دەکرێت. دوو بواری جیاوازن، یەکەمیان جۆر گرێبەندییەکە لە گەڵ کۆمەڵگا و پە پێی گشت ئەو یاساو دەستوورانەی کە بۆ ئەو مەبەستە دادەنرێت و دووەمیشیان گرێبەندییەکە لە گەڵ یەزداندا، پەیوەندییەکی پڕی راز و نەست شاراوەن. بواری تاکە کە پەیوەندی تەنها هەر بۆ خۆی دەگەڕێتەوە.

بە سیاسەتکردنی ئاین واتە شاڵاوبردنە سەر بواری تاکەکەس و لە یەکێکی جیاواز و تاک دەیگوزێتەوە بۆ نێو حەشاماتێک کە تەنها وەک بلۆکێکی بێگیان دەیەوێ دینامیکییەتی مێژوو پێراگرێت.

**دانیشگای کاستیا لا مانچا-ئیسپانیا**